# سەرچاوەی پەیکەرتاشین



د. محەمەد عارف

٣٤

ئیستاتیکاو هونەر

هەر لە سەدەی چواری پێش زایینیدا تاکو ئەمرۆمان هونەری پەیکەرتاشینی یۆنانی کۆن (گریکی) بە بناغەیەکی پتەوی ئیستاتیکی نەمری ئەم جۆرە هونەرە، لە قەڵەم دەدرێ....

تەنانەت هونەرمەندانی بلیمەتی رێنیسانسی ئیتاڵی وەکو (مایکل ئەنجیلۆ و ڤێرۆکۆ و دۆناتیلۆ) سوودیان لێ وەرگرتووەو زۆریان لەم کانییە نەمرە هەڵهێنجاوە، یەکێک لە لووتکە بەرزەکانی پەیکەرتاشی گریکی (سکۆپاس) بووە.

هونەرمەند جۆری تێگەیشتنی جوانی و خواوەندە هەمەجۆرەکانی ئەوسای گریک (سەدەی چوار پ.ز) وەکو خواوەندی جوانی (ڤینۆس) و خواوەندی پاڵەوانی (هەقل)و هتد... بەرجەستە کردووە، ئیتر چ لە پەیکەری سالۆنی، یان جەماوەری و گۆڕەپان یاخود تێکەڵ کردنێکی هونەری بە زەوق لەگەڵ هونەری بیناسازیدا.

نووسەر لە پەرتووکی خۆیدا (خەزینەکانی هونەر) باسی (سکۆپاس)ی کردووەو کۆمەڵێک بەرهەمی پیشانداوە.



سکۆپاس. پۆرتریت. سەدەی چوار.پ.ز



أسماء الألوان / هونةر ٤٧٥ / الصفحة: ٤٥ / ٢٦/٨/٠٨ / 1:23 AM

# ڤیدیۆ کلیپ



دیاری قەرەداغی

شاراوە نییە کە ڤیدیۆ کلیپ دیاردەیەکی تازەیە لە نێو هونەری گۆرانی و میوزیکی کوردیدا، گەرچی لە پێشتردا واتە لەپێش ئەو تەوژمە خێرایەی کە هاتە نێو بوارەکەدا کۆمەڵێک هەوڵی وێنەگرتنی گۆرانی و میوزیک هەبوو لە لای هونەرمەندانی کورد، بەوەی کە لە نێو ستۆدیۆکاندا هاتنە دەرو کۆمەڵێک دیمەنی دەرەوەیان تێکەڵ بە گۆرانییەکە کرد، وەک گۆرانییەکانی هونەرمەندی کۆچکردوو شەماڵ سائیب و چەند تاک و تەرایەکی دیکەش لەگۆرانی .

لەم ساڵانەی دوایدا تەوژمەکە زۆر بە خێرایی هاتە نێو بواری هونەری گۆرانی، تەنانەت وەهای لێهاتووە کە گەر گۆرانییەک کلیپی بۆ نەکەی زۆر درەنگتر بەر گوێی خەڵکی دەکەوێت، بۆیە زۆر جار ناسینەوەی گۆرانییەکان لە رێگای کلیپەکانەوەیە، یان زۆرجار پێت دەڵێن دووا کلیپت چییە؟

یان کە سیدییەک بەبەرهەم دەگەیەنیت لێت دەپرسن، کلیپیشت بۆ کردووە؟؟

دیارە گرنگی وێنەیە وا دەکات کە زوو ئەم تەوژمە بگاتە لای خەڵک.

بەڵام پرسیارەکە لەوەدایە کە ئێمەی کورد لە جەماوەرو هونەرمەندان و کلیپسازان، واتە ئەوانەی کلیپەکە بە ئەنجام دەگەیەنن، چەندە ئامادەی ئەم گۆڕانە خێراو کتوپڕە بوون؟

هەمیشە ئەوەم دووپات کردۆتەوە کە ئێمە هیچ کات خۆمان ئامادەی گۆڕانکارییە کتوپڕو لە ناکاوەکان ناکەین، بۆیە کە بە خێرایی دێتە ناومان ، کەمترین ئامادەییمان هەیە بۆ هونەرێکی وەها تازە.

پێشموایە، کە بۆ خولڵقاندنی کلیپێک بە تەنها بودجە، واتە پارەی خەرجکراو لەو کلیپەدا هەموو شتێک نییە، راستە زۆربەی شتەکان بە بوونی ئیمکانییەتێکی خەرجی زۆرەوە ئەنجام دەدرێت، بەڵام پێویستیشە ئەوەمان لە بەرچاودا بێت کە بوونی کەسانی تایبەت بەم بوارە رۆڵێکی گرنگ دەبینن بۆ بەرهەمهێنانی کلیپێکی سەرکەوتوو، ئەوەی ئێستا لەبەردەم ئەزموونەکانی ئێمەدایە ئەوەیە، کە پشت بەستووین بەو کەسانەی لە هونەری کامێرا دەزانن لەو کامێرامانانەی کە ئەزموونێکیان لە تیڤییەکاندا پەیدا کردووە زۆری ئەرکەکانی کلیپمان بە ئەوان سپاردووە، کە لەڕاستیدا ئەمە کەمو کوڕی تێدا بەدی دەکرێت، چونکە لە پشتی کلیپێکی سەرکەوتوو پێویستە چەندین کەسی کارامە هەبن هەرکەسەو لە بواری خۆیدا کارەکە بە ئەنجام بگەیەنێت، لەوانە سیناریست کە رۆحی دروستبوی کلیپەکەیە، چونکە سیناریستەکە وێنەکان دەگۆڕێت بۆ دیمەنە جۆراوجۆرەکان و خەیاڵ دەکات بەبەری ئەو گۆرانی و میوزیکەی کە لەبەر دەستیدایە، ئەوە دەتوانێت وێنەکان بە شێوەی رەمزی یان بە شێوەیەکی واقیعی بگوێزێتەوە، خەیاڵی ئەو لەو شوێنەدا سەربەستە کە بتوانێت گۆرانی و میوزیک هارمۆنی بکات لەگەڵ وێنەی دروستکراوی زادەی خەیاڵی خۆی، بۆیە گەر سیناریست لە جوغزێکی داخراوەوە تەماشای کۆی بەرهەمەکە بکات ئەوا بە شێوەیەکی راستەوخۆ خەیاڵێک ئینتاج دەکات کە کورت دەهێنی و جۆرێک لە تەمومژی و سەرلێشێواوی و خەیاڵکوژی پێوە دیار دەبێت.

ئەوە قسەیەکی راستە کە ستافێک پێکەوە گرێدراوە بۆ کلیپێکی چەند دەقیقەیی، بەڵام بۆ گرێدانی ئەو ژانرانە ئەوا لە هەر بوارێکیدا زانین و ئەکادیمی بوون و چێژ و سەلیقەیی رۆڵی گەورە دەبینێت، واتە ئەمەوێت بڵێم سیناریۆیەکی جوان بچێتە بەر دەستی دەرهێنەرێکی ناکارامە ئەوا راستەوخۆ زیان بە ناوەڕۆکی سیناریۆکە دەکەوێت و لە دوواجاردا گۆرانییەکە دەبێتە قوربانی.

خاڵێکی گرنگی کلیپ ( لۆکەیشن)ە کە پێویستە بەقەدەر خەیاڵی دەرهێنەر و سیناریست شوێنی گونجاو بدۆزرێتەوە بۆ ئەو کەشەی گۆرانییەکەی تێدایە، مەرج نییە کلیپی سەرکەوتوو لە شوێنی جوان و قەشەنگ و خۆشدا بەرهەم بێت و ببێتە نیشانەی سەرکەوتویی کلیپەکە ، چونکە دەیان ناوەڕۆکی گۆرانی هەیە کە ئەو جێگایانەی گەرەک نییە.

لەو خاڵە هێجگار حەساسانەی بەدروستکردنی کلیپ، پرۆسەی (مۆنتاژ)ە کە رۆحی سیناریست و دەرهێنەر وا لەبەردەم نەشتەرگەرییەکی جوانکاریی ئەودا، تەنانەت وتەیەکی بەربڵاو هەیە کە دەوترێت" گەر وێنەگرتن بریتی بێت لە زەماوەندو قۆناغی دەستگیرانێتی ئەوا (مۆنتاژ) قۆناغی گواستنەوەی ئەو پرۆسەیەیە".

ئومێدمە کلیپە کوردییەکان بە زهنییەتێکی باشترەوە مامەڵەی لەتەکدا بکرێت و زۆر گۆرانی جوانی گۆرانیبێژان نەبنە قوربانی هەڵەی کلیپ و ئەو گۆرانییەشی کە شایستەی وێنەگرتن نییە، چاو گوێی بینەرانی پێ ئەزیەت نەدرێ.



أسماء الألوان / هونةر ٤٧٥ / الصفحة: ٤٦ / ٢٦/٨/٠٨ / 1:23 AM

# ناوداران نامرن

## بۆ کۆچی دوایی مێدیای زەندی



**مەحەمەد کەمانگەر***
**لە تارانەوە تایبەت بە (هەرێمی کوردستان) دەینووسێت**

1

مێدیا زەندی کچی دکتۆر عەزیز کە بە عەزیز ئاڵمانی ناسراوە ساڵی ١٩٤٠ لە رۆژی ١٢ی ئادار لە شاری سابڵاخ کە ئێستا مەهابادی پێ دەڵێن لە دایک بووە. دکتۆر زەندی پیاوێکی خوێندەوار و کوردپەروەر و وڵات پارێز بووە و لە کۆمەڵەی ژێ کافدا ئەندام بووە و پێشتریش بە گوێرەی ئاماژەی مامۆستا هەژار لە کتێبی چێشتی مجێور، حزبێکی بە ناوی کوتەک و خەنجەر پێکهێنابوو.

مێدیا دوایین منداڵی دکتۆر زەندی دەبێت کە لە تەمەنی حەوت ساڵیدا ماڵی بابی دەچێتە تەورێز و پاش ساڵێک مانەوە لەوێ دەچنە تاران و نیشتەجێی ئەو شارە دەبن.

رۆیشتنی دکتۆر زەندی لە سابڵاخەوە بۆ تەورێز لە راستیدا دەگەڕێتەوە سەر نارەزایەتی پێشەوا قازی سەرکۆماری شەهیدی کوردستان کە ئاگادار دەکرێت دکتۆر زەندی ناسنامەی کوردی بە خەڵک دەدات و لە بەرامبەرەوە پارەیان لێوەردەگرێ و ئەو کارەش بەبێ ئیجازە و مۆڵەتی حکومەتی ئەنجام دەدا.

کە لەو کارەی نارەزایەتی دەردەبڕن و پێشی پێدەگرن دەچێتە تەورێز و تا مانەوەی حکومەتی ئازەربایجان لەو شارەدا بە کارەکەی درێژە دەدا و پاش هاتنەوەی لەشکری شای ئێران و دەست بە سەرداگرتنی ئازەربایجان، تەورێزیش بەجێ دەهێڵێ و دەرواتە تاران و لە پایتەختی ئێراندا دەفتەرێک لە شەقامی (سەلسەبیل) وەکو پارێزەر دادەنێت و ساڵی ١٩٧١ کۆچی دوایی دەکات و هەر لەو شارەدا نێژراوە.

مێدیا خانم لە شاری تاران دەچێتە قوتابخانە و لە ماڵیشدا بە زمانی کوردی- زاراوەی موکریانی دەئاخەوێ و لە فەرهەنگ و کەلتووری کوردەواری دوور ناخرێتەوە.

لەو کاتەدا تەنیا چەند ماڵێکی سابڵاخی لە تاران دەبن کە پێکەوە هاتوچۆ و ئامۆشۆیان دەبێت.

ساڵی ١٩٥٨ لە پاییزی ئەو ساڵەدا رادیۆی کوردیی لە تاران دەست بە کار دەکات و مێدیا زەندی وەکو یەکەم بێژەری ژن لەو رادیۆیەدا دەنگی دەگاتە گوێی خەڵک و هەر لەوێ لە سەر بڕیاری سەرهەنگ عیسا پەژمام ئەفسەری سنەیی ساواک کە ئەو رادیۆ کوردییە لە ژێر چاودێریدا بووە، حەسەن زیرەک کە گۆرانیبێژی رادیۆی ناوبراو دەبێت، مێدیای زەندی بۆ دیاری دەکرێت کە ببن بە ژن و مێرد.

بە وتەی حەسەن زیرەکی رەحمەتی بۆ نووسەری ئەم وتارە، سەرهەنگ پەژمان و دکتۆر سدیق مفتی زادە، حەسەن زیرەک دەبەنە ماڵی دکتۆر زەندی و لە وێدا خوازبێنی مێدیای بۆ دەکەن.

دکتۆر زەندی بەوان دەڵێ هەر چەند حەسەن نەخوێندەوارە و بە تەمەن زۆریش گەورەترە لە مێدیا، بەڵام چونکە هونەرمەندە و بە فەرهەنگ و هونەری کورد خزمەت دەکات ئەگەر کچەکەم رازی بێت، دەیدەمێ.

بەو چەشنە حەسەن و مێدیا ساڵی ١٩٦٠ ژیانی هاوبەشانە دەست پێدەکەن و دەبن بە خاوەنی دوو کچ بە ناوی ئارەزوو و ساکار.

*** بەڕێوەبەری پێشوی ڕادیۆی کرماشان.**





أسماء الألوان / هونەر ٤٧٥ / الصفحة: ٤٧ / ٢٦/٨/٠٨ / 1:23 AM



# ترس و شەرم لە شانۆگەریی ( من و قالەو سەگەکەی پاڤلۆڤ)

**کامەران حاجی ئەلیاس**

لەمیانی فیستیڤاڵی پانزەمینی ساڵانەی خۆیدا بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەولێر شانۆگەری (من و قالە و سەگەکەی پاڤلۆڤ) لە رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٢٠٠٨/٧/٣ لە هۆڵی گەل نمایشکرد، کە لە چیرۆکی (شێرزاد حەسەن) و ئامادەکردن و دەرهێنانی یوسف عوسمان بوو. شانۆگەرییەکە باس لە کەسێک (فەرهاد) دەکات کە خۆی ئامادەکردووە بۆ خوێندنەوەی ماستەرنامەکەی ، بەڵام ناتوانێ و پەشیمان دەبێتەوە لەوێوە شانۆگەرییەکە دەستپێدەکات هەوڵدەدات هۆکارەکان بە دکتۆرەکە بڵێت ئەویش پێیدەڵێت بە ئامەدەبووان بڵێ: ئینجا فلاش باکی ژیانی فەرهاد دەستپێدەکات هەر لە پەروەردەی ماڵەوەو قوتابخانە تا کۆمەڵگاکە هەمووی پڕە لە ناسۆری و نەهامەتی و ترس و شەرم راهاتن. ژیانی فەرهاد تێکەڵە بە دوو تیۆری جیاواز (فرۆیدو پاڤلۆڤ) بووە، شەڕی هەردووکیان دەکات هەوڵدەدات هەردووکیان لەیەک نزیک بکاتەوە کاتێ لە یەکێک دیالۆژ پاڤلۆڤ بە فرۆید دەڵێت: چەند نەخۆشێکت لە عیادەکەت کۆکردۆتەوە، بەهەمان شێوەش سەیری ساغەکان دەکەیت، فرۆیدش وەڵامی دەداتەوە: تۆش چەند سەگێکت راگرتووە بێ ئەوەی بەزەیت پێیاندابێتەوە. بۆیە تووشی کۆمەڵی گێژ و سەرگەردان دەبێت بەبێ ئەوەی بگاتە ئامانجەکەی، کاتێ لە کۆتایی شانۆگەرییەکەدا پێڵاوەکەی فرێدەداتە سەر شانۆ گوزارشتە بۆ سەرکەوتنی پاڤلوڤ ، بەڵام لەکاتی خەوتنی و هاتنی کچەخاڵی بە جلوبەرگی بوکێنی مانای ئەوەیە کە فرۆیدش هەر ماوە، دەرهێنەر خۆی لە قەرەی دوو فەلسەفەی زەحمەت دابوو، بەڵام زۆر زیرەکانە کاری بۆ کردبوو بەتایبەتی زۆر بە جوانی ئیشی لەسەر شوێن کردبوو تەختەی شانۆی زۆر کەم بەکارهێنابوو ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نامەکە نەخوێندراوە هەموو نواندنی لەناو هۆڵ بوو، لەلای چەپی جەماوەر شوێنی فەرهاد بوو قادرمەکانی دواوە ماڵی قالە بوو لەلای راستی جەماوەر ماڵی کچەخاڵی فەرهاد بوو رێڕەوەکان دەبووە شەقام ، کۆڵان ، سەربان ، بازاڕ . بەشداری بینەران لە نمایشەکە هۆکارێکی باش بوو بۆ ئەوەی رووناکی (گشتی) بەکاربێت دەرهێنەر بۆ گەیاندنی فکرەکەی سوودی لە زۆربەی قوتابخانە شانۆییەکان وەرگرتبوو تاڕادەیەکیش سەرکەوتوو بوو. لەم نمایشەدا بۆ گۆڕینی کەسایەتییەکان گرنگی زۆر بە کەلوپەلی (ئیکسسوارات) شانۆیی دابوو وەکو بەکارهێنانی ( قوماش ، شەبقە ، کڵاو ، چاویلکە ، رەفتە..) ئەوەی زۆر سەرنجی بینەران و منی راکێشا نواندنی کچە ئافرەتی بەتوانا (دڵڤین موحسین) بوو لەیەک کاتدا چەندین دەوری بەسەرکەوتوویی بەرجەستەکرد چ وەکو نواندن یان دەمو دووی دەنگ توانی هەریەک لە کەسایەتییەکانی ( دکتۆر ، دایک ، کچەخاڵ ، قالەی سەرخۆش ، مامۆستای سەرەتایی، ئافرەت ، فرۆید ) بگەینێتە ئامادەبووان. (محەمەد جەمیل) زیاتر وەکو دەرهێنەر ناسراوە، بەڵام توانی بوونی خۆی لەڕووی نواندنیشەوە بسەلمێنێت بەبینینی هەردوو کەسایەتی (فەرهاد و پاڤلۆڤ) ئەگەر چی لە هەندێ دیالۆژ بەتایبەتی لەکاتی هاتوهاوارو توڕەبووندا لێی حاڵی نەدەبووین، بینەر بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەشدار بوو لە نمایشەکە هەرچەندە دیالۆژیان نەبوو، بەڵام وەکو جولە بەژداری کاریگەریان هەبوو بەتایبەتی لەو کاتەی هەردوو ئەکتەرەکە لەناوبینەران نواندنەکەیان ئەنجامدەدا. بێگومان کارەکەش بێ کەموکوڕی نەبوو بۆ نموونە دەتواندرا زیاتر هۆڵی شانۆییەکە کۆنترۆڵ کرابا بۆ نواندن، بینەران بە دیالۆژ بەشداریان لە نمایشەکە کردبا واتە هەردوو ئەکتەرەکە دەرفەت هەبوو لەسەر دوو تیۆرەکە کە بە گفتوگۆ لەگەڵ بینەران دەوریان هەبووایە بەتایبەتی لە تیۆری فرۆید. لەلایەکی دیکەش جۆرە پەلەکردن لە نمایشکردنەکەدا هەبوو بەبۆچوونی خۆم هێشتا ئەگەر پرۆڤەی بۆ کرابا جوانتر دەبوو، بینەر لەم نمایشەدا وەک پێویست نەبوو لەوانەیە راگەیاندن هۆکار بێت یان گۆڕینی بەرواری نمایشەکە . لە کۆتاییدا دەستخۆشی لە بەشی شانۆ پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێر دەکەم بەتایبەتی ستافی ئەم نمایشە.

شانۆگەری / من و قالەو سەگەکەی پاڤلۆڤ .

لە چیرۆکی / شێرزاد حەسەن .

نواندنی / دڵڤین موحسین ، محەمەد جەمیل ، بینەران .

ئامادەکردن و دەرهێنانی / یوسف عوسمان.

بەرهەمی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر .



أسماء الألوان / هونەر ٤٧٥ / الصفحة: ٤٨ / ٢٦/٨/٠٨ / 1:23 AM

## شانۆی ناوشانۆ

# لەبەرجەستەکردنێکی ریالیزمیانەی مەرگ و کچ دا



موحسین محەمەد

چوارمین نمایشی فیستیڤالی شانۆیی دهۆک، شانۆگەری مەرگ و کچی هەمان دەقی ئارێیل دۆریفمان بوو، لەلایەن کۆلیژی هونەرە جوانەکانی بەغدا نمایشکرا. ئەوەی بینیمان هەمان ناوەڕۆک و تێکستی دەقە سەرەکییەکە بوو، بە ئامادەکردنێکی تەواو، لە گۆڕانێکی زۆر بچووکی دەقەکە، وەکو ناوەکان. دەهێنەر، د. هەیسەم عەبدولڕەزاق بەر لە پێشاندان دیکۆرەکەمان بۆ ئاشکرا دەکا، وەکو شوێنێکی نا تەواو، تۆڕی ڕووناکییەکە زۆر هاتبووە خوارەوە، تاخمێک قەنەفە لە ناوەڕاستی ڕاست (ڕووەو بینەران) بەچەرچەفێکی سوور داپۆشرابوو، هەندێ کورسی و مێز لە ناوەڕاست، لە دواوەی چەپ کۆمەڵێک دۆسیە بە پەرش و بڵاوی و لەسەر یەک دانرابوون، شوێنەکە پێکهاتەیەک بوو لە ماڵ و نووسینگەی کارکردن.

کاتەکە وا پێدەچوو شەوبێ، ڕووناکییەکە ئەو ئاماژەیەی هەبوو، سوها سالم و د. مەیموون خالدی کە ڕۆڵی ژن و مێردەکەیان هەبوو، هەر لەسەرەتاوە بارێکی گرژیان بە ئێمە نیشاندا. فەلاح دەراجی کە ڕۆڵی دکتۆرەکەی هەبوو، بەتایەیەکی سپێر دێتە ژوورەوە. لەگەڵ هاتنە ژوورەوەکە، ژنەکە ئاماژەی ئەومان بۆ دەکا، یەکێکی غەریب بەڵام بینراو هاتۆتە ژوورەوە، دەیەوێ بە یادی بێتەوە، ئەمە هەڵەیەکی گەورە بوو، دەبوا دوای چەنە چەنەکەی دکتۆر، ئەوجا بکەوتایە یادکردنەوەی پیاوەکە، چونکە کێشەکە ناسینەوەی دەنگی پیاوێکی تاوانبارە کە لەسەردەمی ڕژێمی دکتاتۆری، چەندین جار دەستدرێژی کردۆتە سەر ئەو ژنەو هەموو ئەم ڕووداوانەشی بۆ مێردەکەی گێڕاوەتەوە، ئەمەش تێبینییەکی دیکە بوو، لە ئامادەکردنەکە پێویستی بە چارەسەری هەبوو، ئەم ڕووداوە بۆ کۆمەڵگەیەکی وەکو شیلی ئەوەندە کاریگەری کۆمەڵایەتی نییە، بەڵام بۆ کۆمەڵگەیەکی عەرەبی وەکو عێراق زۆر سەختە، ڕاستە مێردەکە دکتۆرەو کەسێکی چاوکراوەیە، ئەمە لە خۆشەویستییەکی قوڵدا پەسەند دەکرێ، بەڵام دیسان بۆ بابەتی ژنیگەکە پێویستی بەچارەسەرییەکی لۆژیکییانە هەیە. ژنەکە چەشنی ژنە نەمساوییەکە لە نمایشی نەمساوییەکەو ژنە ئەڵمانییەکە لە نمایشی ئەڵمانییەکەو نمایشە کوردییەکە، زۆرتوندتیژبوو، لە سنووری دەقی نووسەر دەرنەچووبوو، ئەو بۆ ئەوەی دکتۆر دان بە تاوانەکەی بنێ، ئامادەبوو مێردەکەشی بکوژێ، کەش و هەوای نمایش هەمان ئەو توندوتیژییە بوو کە لە نمایشەکانی پێشی خۆیاندا هەبوو. بەڵام چارەسەری ئەوان تەواو جیاواز بوو، لە کۆتاییدا، هەرسێکیان، تاوانبارو تاوانلێکراو مێردەکە، دەست دەکەنە گسکی شانۆکە، ماڵەکەو نووسینگەکە پاک دەکەنەوە، شانۆگەرییەکە بە پاکردنەوەی پاشماوە پیسەکان کۆتایی دێ. ئەم تێڕوانینە، نەمساوییەکەو هەرسێ ئەڵمانییەکەی لە سیمینارەکە بەقسە هێنا. کە پێشتر ئەوان قسەیان نەدەکرد. عەرەبە عێراقییەکان بەدیدی خۆیان تەماشای ئەو کێشەیان دەکرد و درکیان بەوە کردبوو کە زۆر ئاڵۆزە، بۆیە پەنایان بۆ ئەو چارەسەرییە بردبوو، ئەوان لە ئامادەکردنەکە زۆر باشتربوون لە ئەوانی بەر لە خۆیان. بەڵام ئەوەی جێگەی ڕەخنە بوو، شێوازی عەرەبی پاراویان بەکارهێنا بوو، کە لەگەڵ کەش و هەوای شانۆگەرییەکە نەدەگونجا. ئەوەی بینیمان بەهۆی تۆڕی ڕووناکییەکەو کەلوپەلەکان و پاشان کرێکارێکی شانۆ لە کاتی نمایش دێنە سەر شانۆ مێزێک دەهێنێتە سەر شانۆ، بەمەش پێمان دەڵێ، ئەوەی دەبینن شانۆگەرییە، واتە ئەوەی بینیمان شانۆ لە ناو شانۆبوو، لەبەرجەستەکردنێکی ریالیزمیانە بۆ کێشەکانی دوای سەردەمی ڕژێمی دیکتاتۆری، سێ ئەکتەر لەسەر شانۆ لەکاتی ئامادەکردنی دیکۆر، ئەو یارییە دەکەن، یان ئەوەی بینیمان تەنیا پرۆڤەیەکی شانۆیی بوو. هەرچۆنێک بووبێ، دەبوایە زمانی ئاخاوتن، عەرەبی گشتی بوایە. ئەمەش بۆ نمایشەکانی ناوەوەی عێراق زۆر لەبارتر دەبوو.





أسماء الألوان / هونەر ٤٧٥ / الصفحة: ٤٩ / ٢٦/٨/٠٨ / 1:23 AM

# لە پاش کۆچکردنی جارێکی دی یوسف شاهینم بینی

خەلیل یابە کەریم

لە ئێوارەی ٢٠٠٨/٨/٢ بەرێکەوت لەسەر شاشەی کەناڵی ئاسمانی (العربیة) چاوپێکەوتنێکی سینەماکاری میسری و جیهانی یوسف شاهینم بینی، عەرەبییە کۆمەڵێک پرسیاری لەو هونەرمەندە گەورەیە کرد لەوانە:

* راستە تۆ دژی حیجابی؟ لە وەڵامدا یوسف شاهین گوتی: نەخێر من دژی حیجاب نیم ئەگەر بەشێوەیەکی جوان و رێک بێت هەموو ئەوانەی حیجاب دەپۆشن یەک شێوەبێ، مەفروزە ئافرەت موحتەشەم بێت لەجیاتی ئەو جۆرە پۆشاکە، ئەگەر من یەکێکم دەستنیشان کرد ببێتە هاوسەرم، پاش ئەوەی لەماڵەوە سەری کۆت کرد بینیم ئەسلەعە ئەو کات چی بکەم؟!!

* دەڵێن یوسف شاهین رقی لە بانگدانە بە بڵندگۆ (سەماعە)؟ من لە دژی بانگ نیم ئەگەر موئەزین دەنگی خۆشبێت، بەڵام کابرایەک هەیە لە نزیک ماڵەکەمان دەنگی زۆر ناسازە لەکاتی بانگدان مێشکمان کاس دەکاو ئیزعاج دەبین، دەبا محەمەد رەفعەت بانگبدا بزانە چەند پێمان خۆش دەبێت.

* لەبەرچی ئەو فیلمەی لەسەر ژیانی خۆت و خێزانت ئەنجامتدا، مەحمود حەمیدەت بۆ کەسایەتی خۆت هەڵبژاردو لبلبە بۆ هاوسەرت و یوسراو ماجیدە ئەلخەتیب؟ لە وەڵامدا گوتی: مەحمود حەمیدە زۆر هونەرمەندێکی بە توانایە من نامەوێ وەک من هەڵسوکەوت بکات بەڵکو ئەو لە ناخم دەگا، سەبارەت بە لبلبە هونەرمەندێکی ناسک و هەستیارو بەتوانایە، یوسراش زۆر جوان و کارامەیە وەک عاشقەک هەڵمبژارد، ماجیدە ئەلخەتیب ئەوەندە کاریگەرو بەتوانایە هەر باسی ناکرێت، ئەوانە هەموو داهێنەرن، ماجیدەش بۆ دەوری دایکم کە هاوین دادەهات دەیگوت نەفەسم تەنگە بمبەنە ئەسکەندەرییە نزیک دەریا .

* رات چییە بە فەلەستین و عێراق؟!

گوتی: سەبارەت عێراق من چەند جار بانگێش کراوم بۆ عێراق چومە، هەرچەندە بەفەرمی سەدام دەعوەتی کردووم خۆم نیشانی نەداوە لە ئوتێل بوویمە چەند کەسێکم بینوەو گەڕامەوە، جارێکیان دەبوایە موحازەرە بڵێمەوە، لە هۆڵەکە (بە پێکەنین گوتی) تەنها چوار کەس ئامادە بوو، رۆژی دووەم لەرێگای ئوردن یەکسەر گەڕامەوە، سەدام باش نەبوو.... زۆر لەگەڵ میللەتی خۆی خراپ بوو، من زانیاریم هەیە کە چەندین کوردی کوشتییە و لەناو بردییە، بۆیە هەرگیز حەزم نەدەکرد ببینم، لە وەڵامی پرسیارێک، گوتی: ئەگەر فیلمێک لەسەر عێراق بکەم بەلایەنی کەم دوو ساڵم پێویستە لەناو میللەتی عێراق دابم، ئەویش ئەو دەرفەتەم نەبوو و حەزم نەدەکرد لەوێ بمێنم.

پێشکەشکار پرسی ئایا یوسف شاهین لە سەدام دەترسا گوتی: نەخێر

ئەی لەچی دەترسێی، گوتی: لەهیچ ناترسێم، ئیللا لە خوای گەورە نەبێ.

گوتی: نێوانت لەگەڵ خودا چۆنە؟! گوتی: زۆر باشە بەردەوام قسەی لەگەڵدا دەکەم و رووی تێدەکەم.

گوتی: ئەی بڕواو ئیمانت بەو دونیاو بەهەشت و دۆزەخ هەیە؟!

گوتی: بەڵێ ، بەڵام با ئەو حەفتا حۆریە بۆ خەڵکیتربێ و ئەو رۆن و هەنگوێنە بۆ ئەوان بێ من نامەوێ بەداخەوە من درەنگ ئەو چاوپێکەوتنەم لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنی ئەلعەرەبیە بینی کە وەک ئەرشیف هەڵگیرا بوو، پاش کۆچکردنی کە چەند رۆژ لەمەوبەر لە یەکێ لە نەخۆشخانە گرنگەکانی فەڕەنسا کەوتبوو لەبەرئەوەی دووچاری خوێن بەربوونی دڵ ببوو، وەزیری رۆشنبیری میسری بە فڕۆکەیەکی تایبەتی بە پەلە گەیاندیە ئەم نەخۆشخانەیە کە پێشتر چەند جاری دیکە لەم نەخۆشخانەیە نەشتەرگەری دڵی بۆ ئەنجامدرابوو، لەوێ لەم نەخۆشخانەیە لە پاریس جگە لە وەزیری رۆشنبیری فەڕەنسی چەندین هونەرمەندو سینەماکاری عەرەبی و بیانی لەبەر دەرگای ئەم نەخۆشخانەیە کۆببوونەوە ، بەڵام لەبەر مەترسی رەوشی یوسف شاهین رێگایان پێنەدرا بڕۆنە ژوورەوە ، ئەوەبوو پێش چەند رۆژێک ئەم دڵە گەورەیە لە لێدان کەوت کە خەسارەت و زیانێکی گەورە بە رەوتی هونەر بەگشتی و سینەماسازی بەتایبەتی کەوت ئەوەی سەرنجی راکێشام لەم دیالۆکەی یوسف شاهین، ئەوە یەکەمجارە من هەلوێستێکی ئاوا مرۆڤانەو جوامێرانە لە هونەرمەندێکی گەورەی عەرەب وەک یوسف شاهین ببینم چۆن دەربارەی سەدام دواو گوتی: سەدام خراپ بوو، چونکە بۆ کورد خراپ بوو زۆری لێ کوشتن و دەربەدەری کردن، بەپێچەوانەی ئەوانیتر کە دەیانگوت سەدام پاڵەوانەو پێشڕەوی میللەتی عەرەبە.











أسماء الألوان / هونةر ٤٧٥ / الصفحة: ٥٠ / ٢٦/٨/٠٨ / 1:23 AM

# شانۆی ئیرتجالی

## بەشی یەکەم



حەمەسوار عەزیز

شانۆی ئیرتجالی چییە و چۆن پێناسە دەکرێت،لەوانەیە هەریەک لەئێمە سەرەتا کە گوێبیستی وشەی ئیرتجال دەبین کۆمەڵێک لێکدانەوە و وێناکردن بە خەیاڵماندا بێت،

ئیرتجال نمایشێکی سروشەکراوە کە بەشێکە لە مەشقی ئەکتەر،یاخود قۆناغێکی سەرەتاییە لە دروستکردنی کارەکتەرێکی دیاریکراو یا بەشێکی نمایشی شانۆیی، لەدێر زەمانەوەش شانۆ پشتی بەتوانای ئیرتجالکردنی ئەکتەر بەستووە لە چەند هەڵومەرجێکی جیاوازدا بەتایبەتیش وەک ئەوەی لە دیمەنە کۆمیدییەکانی نێو شانۆییە ئایینییەکان و شانۆگەرییە کەلەپوورییەکان و نمایشەکانی میلۆدراما و پانتۆمایم دەبینرێت.

ستانسلافسکیش لەکاتی پرۆڤەکردنی ئەکتەرەکان ئیرتجالی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی ئەکتەرەکان لەپاڵنەر وسروشت و باکگراوەندی کارەکتەرەکان نزیکبکاتەوە،لەدوای ئەویش ئیرتجال بەشێوەیەکی بەرفراوان و وەک فاکتەرێکی بنەرەتی مەشقپێکردنی ئەکتەر کارپێکرا،بزووتنەوە هونەرییەکانی دادایی وسریالی زۆر لەو تەکنیکە سوودمەندبوون لەبەر ئەوەی ئەوان هەر لەبنەڕەتەوە تێکستی شانۆیی پێشوەختەو ئامادەکراویان ڕەتدەکردەوە وبەدوای تەلقائیەت وداهێنانی بەکۆمەڵ وێڵبوون.ئەکتەر لەشانۆی ئیرتجالی بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە ئەزموونی کەسیی وباکگراوەندی ژیانی ڕۆژانەی خۆی دەبەستێت وبەتایبەتیش پەیوەندی ئەو ئەزموون وباکگراوەندە بەو حاڵەتە ئینسانییەی کە نمایشی دەکات،یادەکرێت ئیرتجال بەوە پێناسە بکەین، دۆزینەوە وئاشکراکردنی نەهێنییەکانی کارەکتەرێکی دیاریکراوە لەرێگەی ئەزموونی کەسێتی وپیادەکرنی ئەداکرنی ئەو کەسێتییە،یا دەتوانین بڵێین ئەو نەهێنییەیە کە ئەکتەرێک دەیدۆزێتەوە لەکاتێکدا خۆی دەخاتە نێوان کۆمەڵێک کەس یا خۆی دەخاتە نێو حاڵەتێکی ئینسانی تایبەت کە فاکتەرێکی شلەژان وبەرەنگاربوونەوەی تێدایە،یاخود دەووترێت شانۆی ئیرتجاڵی کۆمەڵێک دیمەن وهەڵوێستی درامییە کە بیرێکی تایبەت کۆیانکاتەوە.

ڕەنگە مێژووی سەرهەڵدانی شانۆی ئیرتجالی بۆ چاخەکانی ناوەڕاست و سەردەمی ڕێنیسانس بگەڕێتەوە،لەو کاتەی کە تیپە شانۆییەکانی(کۆمیدیای دی لارتا)لە ئیتالیا بەدیارکەوتن و بەشێوەیەکی بنەڕەتی کاریان لەسەر ئیرتجال کرد وەک بنەمایەک بۆ کارکردنی شانۆیی و گروپەکە لەسەر سیناریۆیەک ڕێکدەکەوتن و هەموو کردار و ڕووداوەکانی شانۆییەکەیان لەکاتی نمایشدا لەسەر ئەو سیناریۆ زارەکییە بنیاتدەنا،دیالۆژ و جوولە و گوزارشتە شانۆییەکان لەو کاتەدا ئیرتجال دەکران،بەهانەشیان بۆ بەکارنەهێنانی تێکستی نووسراو وپێشتر ئامادەکراو ئەوەبوو کە ئەو تێکستە نووسراوانە ناتوانن پێویستییەکانی کۆمەڵگاوپێشبینییەکانی جەماوەر تێر بکەن،لەبەر ئەوەی باس لەچەند کێشەیەک دەکەن کەپەیوەندی بە واقیع و ئێستاوە نییە،بەشێوەیەکی ئەوتۆش نووسراوە کە قورسە بینەری ئاسایی هەرسی بکات ولێیتێبگات،بۆیە ئەو گروپ وتیپانە پەنایان بۆ قسەی ئاسایی وشێوەقسەکردنی خۆماڵی تایبەت بە سروشتی کەسەکان برد.

شێوازی ئاخاوتنیش لە نێو نمایشەکان بە گوێرەی ژینگەی کۆمەلایەتی ئەو کەسانەی کە گوزارشتیان لێدەکردن گۆڕانی بەسەردا دەهات،چیرۆکەکانیش بابەتی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک بوون.

لەسەدەی بیستەمیش کۆمەڵێک دەرهێنەری ئەوروپی بە تەکنیکی کارکردنی شانۆی ئیرتجالی سەرسامبوون و لەکارە شانۆییەکانیان سوودیان لێوەردەگرت وەک نووسەری ئەلمانی(ماکس راینهارت) و نووسەری ڕووسی(فیسڤۆلد مایرهۆلد)،لەبەر ئەوەی ئەو تەکنیکە تەلقائیەت وعەفەوییەت بە ئەدای ئەکتەر دەبەخشێت و پانتایی خەیاڵ و داهێنانی فراوان دەکات.هەر لەبەر ئەوەش زۆرێک لە ئەزموونکارانی شانۆ سوودیان لە شانۆی ئیرتجال وەرگرت بۆ دۆزینەوەی فاکتەری تازەی گوزارشتکرن وتازەکردنەوەی کاری شانۆیی.

شانۆکاری دانیمارکی بەڕەچەلەک ئیتالی (یۆجینۆ باربا)یەکێک بوو لەو شانۆکارانەی کە تیپێکی شانۆیی بەناوی (ئۆدین) لە شاری(هۆلستبرۆ)ی دانیمارک دامەزراند و بەشێوەیەکی بنەڕەتی سوودی لە ئیرتجال وەرگرت وەک فاکتەرێکی مەشق و ڕاهێنان و بەرهەمهێنان و نمایشی شانۆیی،بێگومان ئامانج لە ئیرتجال لای گروپە ئەزموونکارەکان جیاوازە وەک ئەوەی لە تیپەکانی (کۆمیدیای دی لارتا)هەبوو،ئامانجی تازە لە ئیرتجال لای ئەزموونکارەکان دۆزینەوەی تێڕوانینێکی تازە بوو بۆ تێکستی شانۆیی و زەمینەخۆشکردن بوو بۆ ئەکتەرەکان تا بەدوای فاکتەری تازەی گوزارشتکردندا بگەڕێن، دوور لەو تێڕوانینە چاوەڕوانکراوەی کە لەدەرهێنەر یان لە تێکستی شانۆییەکە بۆیان دەهات،یۆجینۆ باربا تەنها بەوە نەوەستا ئیرتجال لە تێکستدا بکات بەڵکو کار گەیشتە ئەوەی کە ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنانی شانۆییش بگرێتەوە وەک دیمەنی شانۆیی،هەربۆیە داوای لە ئەکتەرەکان دەکرد خۆیان ئیرتجالی دیمەنە شانۆییەکە بکەن کە تەمسیلی تێدا دەکەن،بەهەمان شێوەش مامەڵەی لەگەل دانەرانی مۆزیک دەکرد لەکاتی پڕۆڤە و نمایشکردندا،داوایلێدەکردن کە ئیرتجالی موزیکەکە بکەن کە گوزارشت لەو حاڵەتە سایکۆلۆژی و درامییە بکات کە لەسەر شانۆ دەیبینن،بێئەوەی بگەڕێنەوە بۆ تێکستی شانۆییەکە و تێگەیشتن وبیدگاکانی دەرهێنەر.

لەبواری ئیرتجالکردنی تێکستی شانۆییش دەکرێت ئەوە وەک نمونە وەربگرین کاتێک باربا ویستی تێکستێک لەسەر ژیانی برتۆلد برێخت بنوسێتەوە و بنەماڵەی برێخت داوای پارەیەکی زۆریانکرد لە بەرامبەر پێدانی بەڵگەنامەکانی تایبەت بە ژیاننامەی برێخت ،بۆیە داوای لە ئەکتەرانی گروپەکەی کرد کە تێکستێکی شانۆیی تایبەت بەژیانی برێخت ئیرتجال بکەن و پشت بە تێکستە شانۆییەکانی برێخت ببەستن،ئەوەبوو ئەکتەرەکان توانیان بەپشت بەستن بە ئەزموونی تایبەتی خۆیان کە ولاتەکەی خۆیان جێهێشتبوو لە غەریبایەتی گیرسابوونەوە و وەک پەناهەندەیەک لە دانیمارک ژیانیان بەسەردەبرد، گوزارشت لەو قۆناغەی ژیانی برێخت بکەن کە بەهۆی حوکمی نازییەکان ئەلمانیای جێهێشت و لە غەریبی ژیانی بەسەر دەبرد،هەربۆیە نەفیکردن و غوربەت بوونە دووبابەت و تەوەری سەرەکی کە چیرۆکە دروستکراوەکەی ئەکتەرەکانی باربا تایبەت بەژیانی برێخت لەسەرشانۆ ئیرتجالیان کرد،لێرەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت کە باکگراوەندی مەعریفی کەسەکان و ئەزموونی دەوڵەمەندیان لەژیان چ جۆرە کاریگەرییەکی هەیە لەسەر فراوانکردنی پانتایی خەیاڵی ئەکتەری ئیرتجالکەر و سوود وەرگرتن لەو ئەزموون وباکگراوەندە لە وێناکردنی کارەکتەرە هەمەجۆرەکان کە داوا لە ئەکتەر دەکرێت لەسەر شانۆ نمایشیان بکات.



أسماء الألوان / هونەر ٤٧٥ / الصفحة: ٥١ / ٢٦/٨/٠٨ / 1:23 AM

# شانۆگەریا/ زنجیێن سپی ل دهوکێ



رفعت رجب/ دهوک

ل بن سیبەرا پانزدەمین فیستەڤالا پەیمانگەها هونەرێن جوان ل دهوکێ پشکا شانۆیێ ل پەیمانگەهێ روژا چار شەمبی ریکەفتی ٢٠٠٨/ ٤/٣٠ و ل دەم ژمێر (٥)ێ ئێڤاری و ل هولا پەیمانگەهێ شانۆگەریا (زنجیێن سپی) پێشکێش کر ژ ئامادەکرن و دەرهێنانا قوتابی (دلشاد موسی) و هەژی یە بێژین کو شانۆگەری پروژێ دەرچونا قوتابی (دلشاد) بوو ل پشکا شانۆیێ بەشێ دەرهێنانێ، و ژشانۆگەرێن (مونودارما) بوو ماوەی (٤٠) دەقیقە بوون و ب زمانێ کوردی بوو و ب دەستکاری ئەڤ دەقە ژ شانۆگەریا

(مساء السلامه ايها الزنوج البيض) یا نڤیسەرێ کورد (محی الدین زەنگەنە) هاتبوو ئامادەکرن، زارڤەکەرێ بتنێ یێ شانۆگەریێ قوتابی (سیار طیب) بوو دەسپێکێ دەستخوشییێ ل دەرهێنەرو زارڤەکەری دکەین دگەل گروپێ ب کارێن هونەری یێن شانۆگەریێ رابووین، و ل دیتنا مە بو شانۆگەریێ وەک دەقێ ئامادەکری- ئامادەکەر شیایە بابەتەکێ ب هێز هەلبژێریت و ب دەرهێنانا خۆشیایە ڤی بابەتی ب هەڤرکیا شەرەنیخا ژیانێ ب بورینا ماوەی شانۆگەریێ ب هێزتر بکەت، ئەڤە و زێدەباری زارڤەکرنا قوتابی (سیار طیب) کو ب راستی زارڤەکرنەکا جوان و ژێهاتی دکر و شیایە بابەتی ب رێکوپێکی بگەهینیت ب هاریکاریا کەرەستێن دەرهێنەری بو دەس نیشانکرین وەک ئێکسسواراتێن پێتڤی، و سەبارەت دەرهێنانێ ب دیتنا مە کاک (دلشاد) شیایە ڤێ شانۆگەریێ ب دەرهێنانەکا جوان و باش بینتە پێش و ناما خۆ بگەهینیت، و شانۆگەرێن (مەنودراما) شیانێت دەرهێنەرو زارڤەکەرا تینە پێش لەوما د کارین بێژین کو کاک (دلشاد)ی ل گەلەک جها کەڤال و لڤینێن هەژی د دیمەنێن وی دا هەبون ئەڤە ژی د زڤریتەڤە هندێ کو مفایەکێ باش ژ خواند و مامۆستایێن خۆ وەرگرتی یە، و ب دیکورەکێ گرتی ب سینوغرافی یەکا پر هیمای یێ گونجای دگەل بابەتی و ب روناهێن کێم یێن پێتڤی و ل دویف هەبوونێ و موزیکەیەکاب هەست و نازک ئەڤێ شانۆگەریێ جهێ خۆ گرت دگەل هەمی کێم و کاسیێن تێدا هاتین چونکی چ کار دبێ کێماسی نینە،

و کارێن هونەری یێن شانۆگەریێ ژلایێ ڤان هەڤالا ڤە هاتبوونە ئەنجام دان

سەرپەرشتێ کاری/ مامۆستا بشار محەمەد تاهر

رێڤەبەرێ بەرهەمی/ ماموستا حلمی نورالدین

رێڤەبەرێ شانۆیێ/ هەلکەت ئیدریس

هاریکارێ رێڤەبەرێ شانۆیێ/ سربست صدقی

دانەرێن دیکوری/ زێرەڤان سالح و ئاشور ئوشانا

بجهئینان/ مەم عەبدوڵڵا- کاروان سعید- دیار عسمان- هاریوان صدیق- کیڤی محەمەد سالح- نیوار عبدوڵڵا- دەراف عصمت- عادل عبدلمجید- نڤروز شعبان،

دانەرێ روناهییێ/ شالاو کازم

بجهئینان/ گوهدار فاضل- ئورال ئیسماعیل- ڤەدەر جلال- هونەر محەمەد- سعید عبد- بێوار حلمی

مکیاژ/ ئادار- روزا محەمەد

جل و بەرگ/ زوزان عبدالسلام- پەری عبدوڵڵا

دانەرێ موزیکێ/ بزاڤ گیتار

بجهئینان/ عەلی شعبان- کاروان جرجیس

راگەهاندن و پوستەر و ڤولدەر/ هەژار فەیزی

و ل دوماهیکێ پیروزباهیێ ل پەیمانگەها هونەرێن جوان ل دهوکێ د کەین و هیڤی خوازین ب بەردەوامی ئەم ل شانووا وێ ئامادەبین.



أسماء الألوان / هونەر ٤٧٥ / الصفحة: ٥٢ / ٢٦/٨/٠٨ / 1:23 AM

# لەگەڵ مۆسیقاژەنە جیهانییەکاندا

ئەنتۆنین دڤۆریاک
و. ئا. لە ئینگلیزییەوە- یاسەمین مەحمود بەرزنجی



ئەنتۆنین دڤۆریاک لە ساڵی (١٨٤١) لە گوندێک نزیکی (پراگ) پایتەختی چیکۆسلۆڤاکیای پێشوو لە دایک بووە، هەستی خۆشەویستی و دڵسۆزیی دڤۆریاک بەرامبەر خێزان و نیشتمانی لەگەڵ خوێنیدا تێکەڵ ببوو و تا دوا ساڵانی ژیانی بەردەوام بوو، بەهرە و دەوڵەمەندیی بەرهەمەکانی ئەم مۆسیقارە نەمرە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش هەستی مۆسیقاری بەناوبانگ (شووبرت)١ی دەجوولاند.

دڤۆریاک توانی قوتابخانەی میللی (چیک)ی دابمەزرێنێت وای لێبکات بێتە ریزی قوتابخانەکانی دیکەی جیهان، لەگەڵ هەوڵدانی بێ پایانی بۆ دانانی ئۆپێرا و لەگەڵ ئەوەی کە پلەی سەرکەوتنی لەم بوارەدا لە ئاستی سەرکەوتنی بەرهەمی برادەرەکانی نەبوو، دڤۆریاک وازی لە هەوڵ و تەقەلای خۆی نەهێنا و بەردەوام بوو لەسەر دانانی سەمفۆنیا و مۆسیقای (چامبەر) بە مەبەستی بەدیهێنانی ناوێکی بەرز بۆ مۆسیقای (چیک)ی، کە گەیشتە ئەم پلەیەش هەر بەردەوام بوو لەسەر دانانی مۆسیقای جۆراوجۆر، بەڵام لە سروودی نیشتمانیدا لە هەمووان سەرکەوتووتر بوو و هەر ئەم بەرهەمانە بوون کە سەرنجی خەڵکی (پراگ)ی پایتەخت راکێشا بۆ مۆسیقای بەناوبانگی (کانتاتا – Cantata) لەم بەرهەمانە ناوی دوو سروود دەهێنێ ئەوانەش (هایمنۆس Hymnus) و (میرات وەرگرانی چیا سپیەکە – Mountain The Heirs of the White) لە ساڵی (١٨٧٢) دا. بۆ رێزلێنان لە دڤۆریاک، وەزیری هونەرە جوانەکانی (نەمسا) مووچەیەکی کەم، بەڵام بەردەوامی بۆ تەرخان کرد، مۆسیقاری بەناوبانگ (برامز Brahms)٢ توانی کۆنتراکتێکی بۆ ببەستێت بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی، پاش بڵاوبوونەوەی بەرهەمی کە ناوی (دۆیتۆی مۆراڤیان) و بەرهەمی (سەمای سلافۆنیک) لە ساڵی ١٨٧٨دا، ناوبانگی دڤۆریاک لە ئەوروپا و بە تایبەتی لە بەریتانیا گەیشتە لووتکەی.

لە نێوان ساڵانی ١٨٨٤ و ١٨٩٦ دڤۆریاک هەشت جار گەشتی بۆ بەریتانیا کرد و پاشان چووەتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لەوێ پۆستی بەڕێوەبەری هونەریی کونسرڤاتۆریای (نیویۆرک)ی وەرگرتووە.

دڤۆریاک (٩) سیمفۆنیای داناوە، لە هەموویان بەناوبانگتر و کە بە ماینۆر E نووسراوە، نازناویش (لە جیهانە نویەکەدا)، ئەم بەرهەمە لە ساڵی ١٨٩٣نووسراوە لە شاری (نیویۆرک).

لە بەرهەمەکانی

سێ کۆنسرت، یەکەمیان هی (پیانۆ)یە، دووەمیان هی (ڤایۆلین)ە سێهەمیشیان هی (چەلۆ)یە.. هەروەها مۆسیقای (کارنەڤاڵ و سرووشت و ئۆتیلوو)ی نووسیوە لەگەڵ ئۆپێرای بەناوبانگی (کایت و شەیتانەکە).

١-شووبرت: مۆسیقارێکی بەناوبانگی نەمسایە.
٢- برامز: مۆسیقارێکی (ئەڵمانی)یە.

## رۆژگارێک



لەم وێنەیە کۆمەڵێک هونەرمەندی بە ئەزموونە وەستاون لە گەورەترین ئاهەنگ لە مێژووی هەولێر لە راستەوە/ شەریف جەرجیس/ خوالێخۆشبوو قادر زیرەک/ جەلال بەیار خوالێخۆشبوو تەحسین تەها/ سەردار ئەحمەد خوالێخۆشبوو فوئاد ئەحمەد/ عەباس محەمەد..... جەبار ئەحمەد/ محەمەد جەزا.

**هەولێر/ هۆڵی گەل**
**١٩٧٦/١٢/٢٧**
**ئەرشیفی جیهانبەخش کۆیی**



أسماء الألوان / هونەر ٤٧٥ / الصفحة: ٥٣ / ٢٦/٨/٠٨ / 1:23 AM